

چیرۆکی وەرگەڕاو

عومەر سەیفەدین

# هەڵمەت

و: عەبدوڵا مەحموود زەنگنە

لەو عەرەبانە درێژەدا کە تەنیا ئەسپێک رای دەکێشا، مەعسومە خان لەسەر بالیفە گوڵڕەنگی و لە پەڕ دروستکراوەکان شانی دادابوو و بە چاوە نیمچە کراوەکانی دەیڕوانییە خەڵکی بێ ئەوەی بیانبینێت. خۆر بەرز بووبووەوە و چەپکێک تیشکی سووتێنەر لە پەردە کەتانییەکەی سەر عەرەبانەکەوە دەیدا لە برژانگە چڕەکانی مەعسومە خان و ئەو پارچە زێڕانەی سەرپۆشە پرتەقاڵییەکەیان رازاندبووەوە و دەشکایەوە سەر عەبا وەنەوشەییەکەی، کەشوهەوا کپ و تەنانەت شنەبایەکیش نەبوو پەردە شینەکانی سەر عەرەبانەکە بلەرێنێتەوە.

ئەمڕۆ رۆژی خدری زیندەیە، هەموو خەڵکی شار هاتوون بۆ دەشتاییی چرپچی کە شوێنی گەشت و پیاسەکردنە، بەتایبەتی لە رۆژانی بۆنەکاندا، لەگەڵ خەڵکیشدا، ئاوفرۆش، مۆتە و کرێمستی و شیرینیفرۆش و جۆرەها فرۆشیاری گەڕۆک دەهاتنە ئەوێ. لەوێ هەموو جۆرە کەسێکت بە جۆرەها جلوبەرگەوە دەبینی، هەبوو کڵاو، یان مێزەر یا جۆرەها شەپقەیان لە سەر نابوو، ژنانیش عەبای رەش و رەنگاوڕەنگ، چەندەها رەنگ و جۆری مرۆڤ تێکەڵ بەیەک بوو بوون، هەموویشیان بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، بۆیە دەنگی فرۆشیار و خەڵکی کڕیار تێکەڵ بەیەک بوو بوو، ئاسمانیش سایەقەی ساماڵ و دنیاش هێندە گەرم بوو گەورە و بچووک لە چەقی رێگەکەیا بۆ پشوودان چوارمشقی دانیشتبوون و بە دەستەسڕەکانیان ئارەقەی نێوچەوانیان دەسڕی، هەرکە ناسیاوێکیشیان بەوێدا تێ دەپەڕی هاواریان دەکرد: سێ ماسیی گەورە گەورە.

ئەسپە رەشەکەی عەرەبانەکەی مەعسومە خانی رادەکێشا تەڕ بووبوو و دەتگوت تازە لە دەریاوە هاتووەتە دەر، ئارەقە بە قاچ و کلکیدا رێچکەی بەستبوو و دەتگوت دووکەڵێکی شینباو لە پشتی بەرز دەبێتەوە، چونکە ئەو بەستەزمانە زیاتر لە سەعاتێک بوو عەرەبانەیەکی رادەکێشا کە سێ سەد کیلۆ زیاتری هەڵگرتبوو. هەرچەندە هیمەتی عەرەبانچی کە خەڵکی ناوچەی ئەنادۆڵ و گەنجێکی کەتە و بەهێز بوو و دەیتوانی عەرەبانەکە رابکێشێ و کاری ئەسپەکە لە هەورازەکەدا ئاسان بکات، بەڵام ئەو کارەی نەدەکرد و لە بری ئەوەی دابەزێت و بۆ خولەکێک عەرەبانەکە راکێشێت، بە قامچی پشتی ئەسپەکەی ئاگر دەدا، بۆ ئەوەی پێشی عەرەبانە گچکە جوانەکان بداتەوە کە پێشی ئەوانی دەدایەوە، چونکە دوو ئەسپ رای دەکێشان، سەرباری ئەوەیش کێشی مەعسومەخان کە دوو هێندەی کێشی هیمەت دەبوو و قورساییی مەعسومە خان وای کردبوو بچمی عەرەبانەکە بە تەواوی بکەوێتە سەر تایەکان و جووڵەی گرانتر بێت بۆ ئەسپەکە.

له راستیشدا ناتوانین مەعسومە خان بە قەڵەو دابنێین، بەڵام ژنێکی کەتەیە و ئەوی بیبینێت وا دەزانێت کچە سوڵتانە و لەودیوی کێوی قافەوە هاتووە بۆ پیاسە و بەسەرکردنەوەی رەعیەت. روخساری وەک مانگ خڕ و جوان بوو، تەندروستیی باش و لە کوڵم و لێوە سوورەکانیا دەردەکەوت، چاوە رەشەکانی دەبریسکانەوە، ئەوانەی دەهاتنە چرپچی بە عەرەبانە پەردەشینەکانیدا دەیانناسییەوە، هەر بەبینینی عەرەبانەکەی گەنجەکان دەهاتنە چەقی رێگەکەی و هەریەکە و جۆرە تەعلیقێکی لێ دەدا:

- ئاخخخخ.. بکەوە بەسەرما با لە ژێرتا بپلیشێمەوە.
- پێ بنێ بە سکما با هاوار کەم ئااااااااااخ !
- ئەرێ تۆ قەیماغیت نازدار؟؟؟؟؟
- لێم گەڕێ با تێر سەیرت کەم بە قوربان.
- چرای شووشەت قابیلە نەک مۆمدان.
- سێ ماسیی گەورە.

ئەمڕۆ مەعسومە خان گوێی بەو جۆرە قسە پڕوپووچانە نەدەدا، ئەگەرچی قسەکان هێندە تەنگیان پێ هەڵدەچنی کە هەر بە بیستنیان سیمای تێک دەچوو، چونکە ئەمڕۆ روحی لە خەمێکەوە ئالا بوو، نەهێنییەک دڵی دەگوشی و بەرەو پرسە راگەیاندنی دەبرد بۆ خۆی و هیچ شتێک دڵی خۆش نەدەکرد و نەدەدایەوە. کەواتە ئەمڕۆ یادی خدری زیندەیە و هەر ئەمڕۆیش تەمەنی دەگاتە سی و نۆ ساڵ، ئەوەتا دە ساڵی رەبەقە بێوەژنە و تەمەنیش وەک خەون گوزەر دەکات، رۆژ و هەفتە و مانگ وەک چرکە بەسەر دەچن. دەوڵەمەند بوو، چونکە پیرە پیاوە نیمچە ئیفلیجەکەی دە ساڵ بەر لە ئێستا کۆشکێکی گەورەی لە ناوچەی ئەدرنە کابی و پارە و پووڵێکی زۆر و خانێک و دوو گەرماوی گشتی بۆ جێ هێشتبوو. ئەمیش دە ساڵە لە چاوەڕوانیی ئەوەدایە شوو بە پیاوێکی گونجاو بکات لەگەڵ باڵا و پێگەی خۆیدا، کەچی هەموو ئەوانەی دەهاتنە داخوازیی گرگن و پیر و لاواز و خڵەفاو بوون و بە هیچیان رازی نەبوو، چونکە حەزی دەکرد شوو بە پیاوێکی گورج و وریا و گەنجی وەک خۆی بکات.

مێردەکەی پێشووی زیندووی بەشی مردوو خۆر بوو، بۆیە تەنانەت بە مێردداریش هیوا و ئاواتی ئەوە بوو جارێکی تر شوو بە پیاوێکی بە قووەت بکاتەوە، سێ هەزار رۆژ چاوەڕێی قسمەت و نسیبی کرد، بەڵام تا ئەمڕۆ نە بەگێک نە ئەفەندییەکی خانەدان نەهاتە داخوازیی، ئەمیش لەم ماوەیەدا نەزری زۆری کرد و چووە لای فاڵچی و چەندین جار هیواکەی لە کاغەزێکدا نووسی و فڕێی دایە بیری ئاواتەکانەوە، چووە لای شێخ و مشایەخ

بۆ ئەوەی کاری بۆ ئاسان بکەن، کەچی کەسێکی شیاو نەهات بۆ داخوازیی.

عەرەبانەکە لە ناکاو تەتەڵەیەکی کرد و مەعسومە خانی لە زیندەخەوەکەی بەئاگا هێنا، تەماشایەکی دەوروبەری کرد و بینیی عەرەبانەکە لە نێو ئاپۆڕایەک خەڵکدایە و هیمەتیش ئەسپەکەی داوەتە بەر قامچی و دەنەڕێنێت:

– دەی...

ئەم قەرەباڵغییە چییە خوایە! ژن، پیاو، منداڵ، هەندێک لە پیاوان بە چاکەتی درێژ و هەندێکیان بە جلوبەرگی پیاوانی ئاینەوە، ئەسپ و عەرەبانە و ژمارەیەک پاسکیلسواری زۆر، دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەر زەوی. هەندێک موزیکیان دەژەند، زوڕنا، دەهۆڵ، ژنە قەرەجەکانیش بە جلی زەردی گوڵگوڵینەوە سەمایان دەکرد، خەڵکی بەخۆشی گۆرانییان دەگوت و هەڵدەپەڕین، هەراوزەنای خەڵک و دەنگی مۆسیقا زیاتر دڵی مەعسومە خانیان دەگوشی.

– هیمەت مەچۆرە چرپچی و بمگەیەنە کێڵگەی بۆرگاز.

هیمەت بە ڕێگەکەی لای ڕاستدا پێچی بە عەرەبانەکە کردەوە، لەوێدا کە کێڵگەی سەوز و لە ئاسۆیشەوە ناوچەیەکی دارستاناوی دیاری دەدا، کە لە شەقامە گشتییەکەیش دوور کەوتنەوە هەراوزەناکە کز بوو و وەک دەنگی کەسێکی لێهات لە دوورەوە بێت و ئیتر جریوەی چۆلەکەکان دەبیستران، بەهارە گەرماکەیش خراپ کاری لە مەعسومە خان کردبوو و خولی خوێنی لە جەستەیدا ئاوەژوو کردبوو و گوێیەکانی کەوتبوونە زرنگانەوە و چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکرد، ئاخر ئەو گەیشتووەتە تەمەنی سی و نۆ ساڵی، بەڵام ماڵ و سەروەت و خانەدانی چ سوودێکی هەیە، ئەوەتا وەک کونەپەپوویەک بە تەنیایی دەژی و تا بێتیش بە تەمەندا دەچێت و لە چاوەڕوانیکردنی قسمەتدا هێزی لەبەر دەبڕێت و ئیتر دڵی وەک ئێستا بەگوڕ لێ نادات و وەک ئێستا هەست بە دڵگەرمی و پەرۆشی حەز و ئارەزوو ناکات، تاکەی چاوەڕوانی قسمەت و نسیب بکات؟

دوای گوزەرکردنی دە دانە ساڵی ڕەبەق و لە بریی چاوەڕێکردنی چارەنووس، بە خۆی گوت:

– ئەی بۆچی خۆم بۆ کەسێکی شیاو نەگەڕێم؟

ویستی بە هیمەت بڵێت با بگەڕێینەوە بۆ چرپچی و بێگومان لەوێ پیاوێکی کەتەی بەهێز و توانا و گەنجی گورجوگۆڵی بەرچاو دەکەوێت، بۆ نا؟ لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەر شووی پێ دەکات.

– مەرج نییە بەگ یان ئەفەندییەکی خانەدان بێ.

بۆ دەربەستنەهاتن شانێکی بۆ لەقاند و لە کێڵگە سەوزەکەوە چاوی خستە سەر هیمەت و لەوەدابوو بڵێت بگەڕێرەوە بۆ چرپچی، بەڵام نەیتوانی و کەوتە دڵەکوتێ......... ئەوە قسمەتەکەیەتی وا لە بەردەمیدا؟ یانی ئەگەر قاچی بۆ درێژ بکات رەنگە بیگاتێ.

بە وردی دیقەتی دایە پشتملی هیمەت کە لە ئارەقەدا بریقەی دەهات و پێنج لۆچی لە ملە ئەستوورەکەیدا بینی کە لە ملی جوانەگایەک دەچوو، شان و باهوو پان و رەگە دەمارەکانی ئەوەندە ئەستوور بوون لەوەدابوون قۆڵی کراسە کورتەکەی بدڕێنن، مەعسومە خان بە دەنگێکی ناسک گوتی:

– هیمەت

× بەڵێ خانم

– تەمەنت چەندە؟

× نۆزدە ساڵ خانم

– .............................................

نۆزدە ساڵ و سی و نۆ ساڵ، بیست ساڵ لەو گەورەترە، جا کەی ئەوە کێشەیە.

کەلسوم خانی خزمیانی هاتەوە بیر کە لە قازیکۆی دادەنیشت، ئەویش شووی کرد بە عەرەبانچییەکەی و بیست و پێنج ساڵیش لەو گەورەتر بوو، جلی جوانی کردە بەری و بووە پیاوێکی تر، ئەویش لەبری ئەوەی پارە و پوولەکەی کەلسوم خان بەهەدەر بدات، پارێزگاریی لێ کرد و زیاتری کرد و ئێستا بووەتە گەورە بازرگانێک، بەڵام چی بە خەڵکی بڵێت؟

– مەعسومە خان شووی کردووە بە خزمەتکارەکەی؟

بەڵام بیری کردەوە، ئەگەر شووی پێ بکەم ئەوکات مێردێکی بەهێز و گورج و چالاکم دەبێت، با خەڵکی چی دەڵێن بیڵێن.. هیمەت هەر تەنیا عەرەبانچیی نەبوو، بەڵکو چێشتلێنەر و ماڵپاککەرەوە و ڕێکخەری ئیش و کاری تەواوی کۆشکەکەی بوو، هەموو ئەمانەیشی بە کەمترین کرێ بۆ دەکرد، مەعسومە خانیش جگە لە سەروەت و سامان لە مێردەکەیەوە رەزیلییشی بۆ مابووەوە.

دەبێ چی بکات ئەگەر ئەم گەنجە ببێتە مێردی؟ ئەوەتا هەر خۆی خاوەنی فەرمانە و هیمەت ناتوانێت لە هیچ قسەیەکی دەربچێت، ئەی چۆن پێی بڵێت بمخوازە؟؟

مەعسومە خان لێوەکانی کرۆژت و بە دەستە خڕەکانی پرچەکەی ڕێکخست، بەخۆی

گـوت:" بۆچی خـۆم پێی نـەڵێم؟" بەڵام چـۆن؟ عـەرەبـانەکـە بـە راسـتــە ڕێکەدا دەڕۆیشت و گرمـەی دەهـات و شنە باکەیش بۆن و بەرامەی سـاراکەی دەهێنا، مەعسومە خـانیش لەگەڵ خۆیدا دەیگوت دەبێ قسـەی لەگەڵ بکەم و هـەستی ببزوێنم:" ئەوسـا لێم دەپاڕێتەوە".

- هیمەت
- بەڵێ قوربان
- سەیرم کە
- بەڵێ خانم
- دەزانی گۆرانی بڵێیت؟
- نەوەڵا خانم
- هیمەت چاوەکانت چەند جوانن؟
- عەینی چاوی دایکمن قوربان
- برۆکانت چەن جوانن
- لە برۆی پوورم دەچن
- کوڵمەکانت سوورن
- بێگومان، هەمووی هی ناز و نیعمەتەکانی تۆن
- هیمەت، شەوان خەون دەبینیت؟
- خەونی چی خانم.
- خەو بینین
- هەرگیز خانم
- یەعنی هەر پاڵکەوتیت خەوت لێ دەکەوێت؟
- یەکسەر قوربان
- یەعنی پێش خەوتن یا دوای هەڵسان بیر لە هیچ ناکەیتەوە؟
- بەڵێ، بیر لە دێکەمان و دایک و باوکم دەکەمەوە.
- ............................................

عەرەبانەکە بە ڕێگەی نێو کێڵگەکەدا دەڕۆیشت و مەعسومە خانیش لەگەل هیمەتا لە قسەکردن بەردەوام بوو و هەزار شێر و ڕێویی بۆ دەهێنایەوە تا هەستی هیمەت بجوڵێنێت و رازی دڵی بۆ بدرکێنێت، بەڵام ئەو هەر بیری لە گوندەکەیان و دایک و باوکی دەکردەوە.. نیو سەعات دواتر گەیشتنە بۆرگاز.. مەعسومە خان تەحەمولی نەما و بڕیاری دا واز لە

هەوڵەکانی بێنێت، بەڵام لە ناکاودا ئاراستەی قسەکانی گۆڕی..

– من جوانم؟

– خوا بتپارێزێ خانم

– منت بەدڵە؟

– نازانم خانم

– چۆن نازانیت کورە؟

– نازانم بەدڵبوون یانی چی؟؟ ئاخر چۆنچۆنی بزانم قوربان؟

مەعسومە خان تێ گەیشت ئەم گێلە لە هیچ شتێک نازانێ، جا لەبەرئەوەی هیچی نەمابوو بیڵێت، وای بەباش زانی بگەڕێنەوە بۆ چرپچی و ئەوکاتەیش گەیشتبوونە نزیکی کێڵەگەی بۆرگاز، ئەمری کرد:

– بگەڕێوە بۆ چرپچی

هیمەتیش پێچی بە عەرەبانەکە کردەوە و گەڕایەوە رێگە گشتییەکە. لەوێ چەندین تۆپەڵە شیاکەی بینی کە مریشک لە سەریان چینەیان دەکرد و سەگیش لە بەردەمی ئەو گەوڕانەدا کە دەتگوت وێرانەن حۆلە حۆلیان بوو و زمانیان لێ راکێشابوو. هیمەتیش ئەسپەکەی دابووە بەر قامچی. کە بەلای گەوڕەکەیا تێ پەڕین مەعسومە خان چاوی بە شتێک کەوت لەودیوی حەیارەی گەوڕەکەوە، گوتی:

– هیمەت راکە ئەو مانگا داماوە رزگار کە

– دەڵێی چی خانم؟

هیمەت کەوتە تەماشاکردنی چواردەوری خۆی، بەڵام هیچ شتێکی نەبینی شایانی رزگارکردن بێت.

– کورە سەیری ئەودیوی حەیارەکە بکە.

– کام حەیارە؟؟؟

–ئەو حەیارەیە، نایبینی؟ ئەها گا مڵۆزمەکە بەربووەتە ئەو مانگا داماوە، خێرا یارمەتیی بدە

هیمەت سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی:

– خانم لێی نادات.

– ئەی چیی لێ دەکات؟

– کەڵی ئەدا تا گۆلکی ببێت.

- دەڵێم برۆ نەجاتی بدە، چوزانی مانگاکە حەز ئەکات گۆلکی ببێت؟
- حەزەکات خانم.
- تۆ چوزانیت؟
- گاکە دەزانێت.
- چۆن؟
- بە بۆن خانم.
- ئاااا !!!!!!!!
- بەڵێ خانم

عەرەبانەکە بە لاری لە حەیارەکە دوور کەوتەوە و دواجار چووەوە سەر راستە رێگەکە، کەش بۆنی پەینی لێ دەهات، بۆنی تیژی بەهاریش دەچوو بە لووتی مەعسومە خانمدا و کەوتە پژمین، لە هیمەتی پرسی:

- هیمەت، ئەرێ تۆ هەڵامەتتە؟
- نەخێر خانم.
- نا، بە تەئکید هەڵامەتتە بۆیە وەک ئەو گایە بۆن ناکەیت، ئەو لە تۆ زیرەکترە.
- ئاخر خانم هیچ بۆنێک نایەت.
- هیچی تر نازانیت گەمژە؟
- تێ ناگەم مەبەستت چییە.
- باشە، برۆ نەعلەتت لێ بێت، هەی گامێش!!!!
- ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

لە گەڕانەوەیا عەرەبانەکە لە چرپچی نزیک دەبووەوە و مەعسومە خانیش کەوتە چنینەوەی خەیاڵێکی نوێ، خەیاڵێکی جوان کە رابردووی تاریک و پڕ مەینەتیی رۆشن بکاتەوە، هیمەتیش بە دەم داڵغەوە لە ئەسپەکەی دەدا: " بڵێیت ئەوەندەم لە ئەسپەکە دابێت بۆنێکی دەرکردبێت کە من هەستم پێی نەکردووە و مەعسومە خانی بێزار کردووە؟؟؟؟"

هیمەت ئێستایش لەو هۆکارە تێ نەگەیشت وا مەعسومە خانی تووڕە کرد.

* چیرۆکنووسێکی هاوچەرخی تورکیایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (الحوار المتمدن)

و: بۆ عەرەبی، عەبیر یاسمین.